# بۆئەوەی برەو بەهۆشیاری خۆشەویستی بدەین

ئەرسەلان مەحمود
Amk974@yahoo.com



چۆن دەتوانین دنیایەکی مەزن وفرەیی تر، لەدنیا بچوك ومەودا كورتەكەی وجودمان بخولقێنین؟..یان بەرهەمهێن و ڕەخنەگرێکی بابەتی و زاڵبین بەسەرتێڕوانینە جیاوازەکانی دەوروبەرو خوێندنەوەو تێگەیشتن لەدیوی ناوەوەی خۆمان و بکارێین دیاردەو دەرکەوتەکان لەپێناو گەشەپێدانی خۆشەویستی شرۆڤەبکەین..

بێگومان ئەگەر هەستوونەستە ئاكاریەكانمان، بەخۆشەویستی و بۆ خۆشویستن پەروەردەو گەشەپێنەدابن، هەڵەیە واتێبگەین، بەبێ خۆشەویستی دەتوانین گەشە بەهێزو وزەیی عەقڵانیمان بدەین، بەمانایەکی تر ئەودنیایە بەرینو پڕ لەبەرائەتە بخولقێنین کەشیاوە لەهەڵوێست وکردەوەی هەرتاکێکمانەوە باڵابکات..

مرۆ، ئەوکاتانەی هەست بەئاڵۆزی و تێکچڕژان یان مەترسی لێکترازانی ناتەندروستی باری پەیوەندیەجۆراوجۆرەکانی خودیخۆی لەگەڵ دەوروبەر دەکات، بەهۆی كاریگەری بۆماوەییەکان، بەوپێوەرەی سەرسەختانە پەیوەستین بەهێشتنەوەی بەشێك لەو پرەنسیپ ودسپلینە دۆگمایانەی کەخاڵین لەخۆشەویستی و ئولفەتمان پێوەگرتوون، بێ ئەوەی ویستبێتمان، لەئەوپەڕی نائاگاییەوە، کەوتوینە هەڵپەو خۆگونجاندنێکی بێئامان ودرێژەدان بەمانەوەو کارکردن، لەسەر پەیوەندیە (مەحرەم کراو نەکراوە) ئاینی یان کۆمەڵایەتی و کولتوریەکان، ئەوەش بەتێکەڵکردن وشمولیەتێکی نالۆژیکی بۆ گەیشتن بەبنەما لۆژیکیەکانی خۆشەویستی ئەژمار دەکرێت و لەجێدا ڕاستەوخۆ سۆزێکی ئاژەڵی بۆتە جێگرەوەی ئەوهەست ونە ستەی کەپێکهاتەو پێکهێنەرو ڕاگری پایەکانی خۆشەویستی و خۆشویستنی ڕاستەقینەن..ئەو پەیوەندیانەی لەسەر بنەمای پێکگرتن و گونجاندن و تێکپەڕاندن، بونیادنراون، چونکە بناغەکەیان بەخۆشەویستی دانەڕێژراوە، مومکین نیەو ڕاست دەرناچێ، هیوای بیناکردنێکی مەزنتر، بۆ وجودمانی لەتەکدا هەڵبچنین، ئەوکاتەخۆشەویستی لەناخماندا، دەریایەکی مردووە و لەنەستماندا سڕدراوەتەوە کەنەمانتوانیوە خۆمان لەبوونەوەرێکی ئاژەڵی جوێبکەینەوە، چونکە بەخۆشەویستی و خۆشویستن ئاسان و تەندروستتر مرۆڤ، دەتوانێ بەرنگاری بنوێنێ وبەرگەبگرێ و ڕووبەڕووبێتەوە، ئەوکاتەیە دەتوانێ هەم جەنگاوەرێکی شەریف و هەمیش خواست و مافەکانی باشتر بەدەستبهێنێت،"پاولۆکۆیلۆ"ڕێگاکانی گەیشتن بەڕاستقینەو حەقیقەتی دابەشکردوونە سەرسێ تەوەر، ئەوانیش"هاندانی عەشق، وجودێکی پراکتیکی، توانای ڕێکردن" بەومانایەی بێهاندانی خۆشەویستی و پەروەردەو گەشەپێدانی هزری خۆشویستن، هەرچەند خاوەنی هەرجۆرە سەرمایەو پێگە جۆراوجۆرە(سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و هیتد....)کان بین، بێ ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی لەوجودماندا‌و بێ گەیشتن بەو حەقیقەتەو توانای هاوڕێکردن، لەگەڵیدا، وەك ئەوەوایە، لەگەمەیەك بیدۆڕێنین کەزیاتر لەسەرکەوتنیشیەوە نزیکبووین، تا لەدۆڕاندن..

بەو پێوەرە، وجودی مرۆڤ هەرچییەك بێت، بێ خۆشەویستی وجودێکی ناتەباو ناتەواو و دۆڕاوە..وەك "بەختیار عەلی"لەتێکستێکی شیعریدا دەڵێ"عەشق نەمری خۆی دەداتە ئەوسوارچاکانەی کەلەئەسپەکانیان دانابەزن"..واتە ئەوانەی بەخۆشەویستی و هەربۆئەویش لەدایکبوون و هیچ هێزێك ناچار بە سازش و پاشەکشێ لەخۆشەویستییان، ناکات..

ئەگەرچی بانگەوازی خۆشەویستی بنەمای بەشێك لەهەمووئاینە کۆن و نوێکانی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێ، سەرەڕاش ئەو سوارچاکانە، کەمتر بۆ تاك و کۆمەڵ و گەلانی لەمەڕ ئێمەدەرکەوتوون، تائێستاش هەرکەباسی خۆشەویستی دەکەیت، دەگوترێ باسی مەسەلەیەکی باسنەکراومان نەکردوەو پێمانوایە خۆشەویستی کارێکی ئاسان و خۆکردەو هەموو مرۆڤێك

بەجۆرێك لەجۆرەكان دركی پێدەكات و لەنەستیدا، جێگرو زیندووە، بەڵام هەروا سادەو ئاسانیش نییە لەوەتێبگەین، كەخۆشەویستی چییەو چ ماناو مەغزایەكی هەیە؟!..ئایە گونجان و تێكەڵبوونە؟..یان دەستەمۆیی و خۆدورە پەرێزگرتنە لەتوراس و تەویلەی باوەكان؟..یاخود حەزكردنە بەپلەوپایەی كۆمەڵایەتی یاحكومڕانی و كۆنتڕۆڵكردن؟..جارێ بۆبەشێكمان بۆتە دووڕوویی ودرۆكردن؟..خراوەتە مەودای حاسڵكردنی مرازومەرام وسێكسكردن؟..هەموومان پێمانوایە، ئاسانە بەرامبەرەكانمان خۆشبوێت، بەڵام بەپێچەوانەوە، مەسەلەكە تەمومژاویی ودژوارە، تێگەیشتن لەو حەقیقەتە، دەمانگەێنێتە ئەوباوەڕەی كە گراننیە بەرامبەرەكەت خۆشبوێت و هەروەك چۆن بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، دژواری و ناڕۆشنی لەوەدایە وەك خۆی لەخۆشەویستی تێنەگەیشتبیت، خۆشەویست نابیت، ئەگەر توانای بەشینەوەی خۆشەویستیت نەبێت، ئەگەر خۆشەویستیت نەكردبێت و خۆشەویستی نەیكەیت، ئەوەوێڕای ئەوەی خۆشەویستی مومكین نابێت لەتاكەكەسێكدا بەرجەستەبكرێ، هەموو ئەوانەی تەنها تاكەكەسێكمان خۆشویستووەو خۆشدەوێ ونەیانتوانیوە، دەوروبەرەكەیان خۆشبوێت، یان دەستەمۆو ژێردەستەن یان سەردەستەو خودپەرست وبێئاگان، چونكە خۆشەویستی هیچكام لەوبوارانە داناپۆشێ وسەروبەرێكیشی بەوبابەتەوەنیە، هەروەك چۆن ئەوانەی بەرامبەرەكانیان خۆشدەوێ و خۆیان خۆشناوێ، بەشێكن لەمرۆڤە دووفاق و ناڕاستگۆكان.. ئەوكەسانە هەرگیز توشی سەرسوڕمان نابن، چونكە بەوشێوەیە بۆژیان و لەخۆشەویستی دەڕوانن وئایندەبینیان بۆ دنیایەكی مەزنترنیەو نابێت، لەوە تێنەگەیشتوون كە خۆشەویستی سەرەتای خوڵقاندنی هەموو حیكمەتێكەو توانای بڕینی مەوداجیاوازەكان و سنورە نەگۆڕەكانی هەیە، نازانن كە خۆشەویستی پەرۆشییەك نییە لەپێناو وەدیهێنانی خواست و غەریزەكان، بەڵكو خولیایەو پەیوەندی بە ئاكارو هەڵوێست و خوڵقاندنەوە هەیە، بەڵێ  خۆشەویستی بۆ ئەوەیە، یەكەمجار خودی خۆمان لەدەستنەدەین و دواجار نەزانراوی نوێ بدۆزینەوە، خۆشەویستی هەموو یاساو ڕێساكان تێكدەشكێنێ و لەجێیدا، ڕژێمێك بۆ مرۆ سالاری دەخولقێنێ و دادەمەزرێنێ. خۆشەویستی گرنگی بەباڵاكردنی رۆحی مرۆڤدەدات و ئەودەرفەتەی بۆ مسۆگەردەكات كە تواناشاراوەكانی دەربخات..هەربۆیە زۆر گرنگە لە پێناو خۆشەویستیدا، ئەوەندەی بایەخ بە دروستكراو دەستكردەكانی خۆمان دەدەین، ئەوەندەش گرنگی بەشادومانی وگەشەپێدان و پەروەردەی رۆحیمان، بێگومان لەدەرەوەی هەموو چوارچێوەكان، بدەین، پێویستی بنەڕەتیمان بەوە هەیە هۆشیاری خۆشەویستیمان برەو پێبدەین، دواجار ئەوەی زۆرتر یارمەتی باوەڕبەخۆ بوونمان پێدەبەخشێ تەنهاو تەنهاخۆشەویستیە، ئەوخۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی توانای گۆڕینی گەردوون و خوڵقاندنی دنیایەكی فرەیی ترمان پێدەبەخشێ..